کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
28-7-2007 0:15بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

## وه لامیكی كورت بۆ پارێزەر خالید مجید فرج ... - یاسین مجید سعید

پێش هه موو شتێك جه نابت پارێزه ری نه ئه بوایه قسه یه ك له سه ر یه كێ بكه یت به ماڵ هه تا دڵنیا نه بو یتایه له كردنی ئه و قسه یه. من به هیچ شێوه یه ك له ته له فۆنه كه دا نه م ووتووه (ئه رێ دوره په رێزی به س نی یه، ئه رێ ئێمه نه یكه ین كێ بیكات، وه ته ن چاوی لێمانه ده ری كه ین له ته نگانه) . چونكه ده مێكه ئه زانم جاده كه ی پان بووه. براده رانی ڕێكخستنه نهێنیه كان (ی. ن. ك) شاهێدن كه من له كۆتاییه كانی ساڵی حه فتاو سه ره‌تاكانی ساڵانی هه شتابه عه مه لی ئه وه‌م كردووه كه (وه‌تەن چاوی لێمانه و ئێمه نه یكه ین كێ بیكات) نه ك ته نها به قسه. له و ساڵانه دا كه ئیشاره‌م پێ كردووه ڕیزی ڕێكخستنه نهێنیه كانی (ی. ن. ك) باڵی (كۆمه ڵه) خه باتم كردووه. خۆشبه ختانه زۆربه ی ئه و براده‌رانه‌ی كه له ڕێكخستنه نهێنیه كاندا پێكه‌وه بووین له ناو شاری (هه ڵبجه دا) . ئێستا له ژیاندا ماون و هه ندێكیان هه ر له ناو (ی. ن. ك) دان. بۆ به ڵگه ی قسه كانیشم ته نها ناوی دوو براده‌ریان ئه نووسم، ئه م دوو براده‌ره‌ش تائێستاش هه رله ناو (ی. ن. ك) دان. 1- ئازاد تۆفیق (كارگێڕی مه ڵبه ندی"1" یه كی سلێمانی) . 2- سعید سه ی قادر (به ڕێوبه ر وه‌یان جێگری به ڕێوبه ری ده‌زگای كاره‌بای سلێمانی) . هه ندێ له و براده‌رانه ی تر كه پێكه وه له ڕێكخستنه‌كاندا بووین ئێستا له (ی. ن. ك) نه ماون وه هه ندێكی تریان هه رله (ی. ن. ك) دان به لاّم شێنیان نازانم، به چاكم نه زانی ته نها ناوه‌كانیان بنوسم ووتم نه وه‌كوو به‌ڕێزت واهه ست بكه یت هه ر له خۆمه وه ناوم ڕیزكردووه. كاتێ چویته وه بۆ سلێمانی ئه توانی پرسیار له‌و دوو براده‌ره بكه یت كه شوێنه كانیانم ده‌ست نیشان كردووه. ئه ی ئه و ساڵانه‌ش هه ر (زیره‌كانه ته‌مرینی سویدیم ئه كرد له به‌رچاوی ئه لساده‌ئه لمسئولین خوا بیانپارێزێ) وه‌یان (قارچك بووم هه ڵتۆقیبوم) ئه و ساڵانه له لایه‌ن ڕێكخستنه‌وه شه‌ره‌فی هاوڕێم وه‌رگرتبوو نه ك ئه م (ئه ل هه ڤاڵ ئه لمونازیل) ه‌ی ئێستا كه به‌ڕێزت بۆ گاڵته‌جاڕی نوسیوته. من ئه‌و كاته له‌ژێر ده‌سته‌ڵاتی حیزبی به‌عسا به‌و هه موو دام و ده‌زگاسه‌ركوتكه‌رانه یه‌وه كه‌هه یبوو (بارانی كوردایه‌تی وحیزبایه‌تی دا باری بوو به‌سه‌رماو دڵسۆز بووم بۆریفعه‌تی وه‌ته‌ن) هه موو سه‌عاتێ ئه گه‌ری گرتنمان هه بوو بكه‌وینه ژێر ئه‌شكه نجه‌ی جه‌لاده‌كان له ژوره تاریكه‌كان دا، نه‌ك ئێستا له ئه‌وروپاوه كه جاده‌كه‌ی پان بووه هیچ مه‌ترسییه‌ك نی یه. بۆمه‌سه‌له‌ی دووركه‌وتنه‌وه‌شم له‌بونه‌وه حیزبی وجه‌ماوه‌رییه‌كانیش: له‌كاتی كۆڕه‌وه‌مه‌زنه‌كه‌ی كوردستان دا له‌به‌هاری "1991"یه‌كێك بووم له‌و براده‌رانه‌ی كه ده‌ستمان گرت به‌سه‌ر سه‌فاره‌تی عێراقی له بروكسل، پڕی سندوقی سه‌یاره‌یه‌ك به‌ڵگه‌نامه‌مان ده‌ركرد له سه‌فاره‌ت، له‌دوای دا كه‌س نه یزانی به‌ڵگه نامه‌كان چی به‌سه‌رهات. ئیتر منیش له دوای ئه‌وه بڕیارم دا به‌شداری هیچ شتێك نه‌كه‌م. وه‌به‌نسبه‌ت كاسبی ڕه‌ش وسپی به‌ڕێزت باست كردووه كه من كردومه دوو وه‌ڵامم هه یه بۆت: 1- به‌پاره‌ی ئه‌و ئیشه ڕه‌ش وسپیه‌ی كه ئه‌مكرد پاره‌م دا به‌به‌ڕێزت به‌قه‌رز هه تا خێزانه‌كه‌ت و مناڵه‌كانت له (ڕوسیاوه) گه‌یانده لای خۆت، ئه‌و كاته خۆت نزیكه‌ی"1"یه‌ك مانگ بوو گه‌شتبویته ئه‌وروپا، پێشم ناخۆشه كه‌ئه‌مه ئه‌ده‌مه‌وه‌به‌ڕوت دابه‌لاّم ناچارت كردم. مه‌سه‌له عه‌ره‌بیه‌كه‌م بیركه‌وته‌وه‌كه ئه‌ڵێ (له خراپه‌ی ئه‌وكه‌سه بترسه كه‌چاكه‌ت بۆی هه بووه) . 2-خۆ خێزانه‌كه‌شت له‌و ئیشه‌ڕه‌شانه‌ی زۆر ئه كرد كاتێ كه له خانووه‌كه‌ی"پاته‌ر"دا ئه‌ژیان به ماڵه‌وه...... !!!!!!!!. -1- -2- تێ بی نی: 1- هه رگیز چاوه‌ڕێی ئه‌وه‌م نه‌ئه‌كرد له‌جه‌نابت كه ئه‌و "بزماره" ناحه‌قه دابوكوتیت به من دا، هه رچه نده په‌یوه‌ندییه‌كه‌مان پچڕاوه به‌بێ هۆ به‌لاّم هه ر به‌ڕێزبوویت لام. 2- ببوره ئه‌گه‌ر وشه‌یه‌كی زبرم به‌كارهێنابێ وه‌یان هه ستم بریندار كردبێت، چونكه مسته هه – قی ئه‌و "بزماره" نه‌بووم. به هیوای خۆشیت دوای كلاّوی بابردووكه‌وتویه‌ك.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.